کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
18-11-2007 18:20 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## یادەوەریت ... هیوا طه



یادەوەریت هێندەتاڵە
لەتاڵی ژەهری مار ئەچێ
لەدوای پرسەی کۆچی عیشقم
شین و گریان بەچی ئاچێ
حەز ناکەم بێتەوەیادم
ئەو رۆژانەی تۆم ناسیوە
ئەو رۆژانەی گوڵی تەمەن
لەژێر پێتا هەڵوەریوە
ئەو ساتانەی بۆ چرکەیەك
لەخەیاڵا تەنیا نەبووم
زۆرکەس وای ئەزانی مەستم!
رێی مەیخانەش ئاشنا نەبووم!
برۆ چیتر، ناوم مەهێنە
وێڵبەبەدوای ژینی شێواوت
گوڵەووشکەکەی عەشقو ئەوینم
پاراوی ناکات بارانی چاوت!

hiwa2005@hotmail. co. uk

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.